یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

# پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

بەپشت بەستن بەحوکمەکانی ماددەی (١٣) لە یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (١٧) ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراو بە هەردوو یاسای ژمارە (١٧) ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١١ بە پێ حوکمی بەندەکانی دەستەی گشتی یەکێتی لە کۆنفراسی رۆژی ٢٠١٢/٦/٩ بڕیاری دەرکردنی ئەم پەیڕەوی دا .

## بەشی یەکەم- پێناسەکان

**ماددەی ( ١ )**

بۆ جێ بە جێکردنی ئەم پەیڕەوە مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی بەرامبەریەتی :

هەرێم – هەرێمی کوردستان – عێراق

یەکێتی – یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

پەیڕەو – پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی .

دەستەی گشتی – سەرجەم ئەندامانی یەکێتی .

نوێنەرایەتی دەستەی گشتی – گشت نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی دەستەی گشتی

دەستەی باڵا – باڵاترین دەستەی هەڵبژێردراوی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانە

سەرۆك – سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانی هەڵبژێردراو لە لایەن دەستەی باڵادا .

پەرلەمانتار – ئەندامی هەڵژبژێردراو بۆ پەرلەمانی کوردستان یان پەرلەمانی عێراق لە خولی ئێستای بەردەوام و خولەکانی پێشوو کە نوێنەری گەلی کوردستان بوون .

ئەندام – ئەو پەرلەمانتارەی بۆتە ئەندام لە یەکێتی و پابەندیەکانی بەجێ گەیاندووە .

**ماددەی ( ٢ )**

دروشمی یەکێتی

سەروەری یاسای – دیموکراسی – دادپەروەری کۆمەڵایەتی .

**بەشی دووەم**

ئامانج و پسپۆریەکانی یەکێتی (تایبەتمەندیەکانی)

**ماددەی ( ٣ ) :**

ئامانجی یەکێتی بریتین لە :

**یەکـەم :** دەوڵەمەنـدکردنی پـڕۆژەو پێـشنیارەکانی کـە پێـشکەش بـە پەرلـەمانی کوردسـتان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکرێت .

**دووەم :** پەرەپێدانی پرۆسەی یاسادانەری و ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا بەکارن .

**سێیەم :** بەهێزکردنی رۆلی یاسادانەری و چاودێری کاری و رێکاری پەرلەمانی .

**چوارەم :** بلاوکردنەوەی ووشیاری یاسایی و فەرهەنگی دیموکراسی و پەرلەمانی و بنەماکانی مـافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی کوردستان .

**پێنجەم :** لە رێگەی چوونە پاڵ رێکخراوو یەکێتیە نێودەوڵەتیە هاوشێوکانی کـار بـۆ کـاراکردن و ئاڵوگوڕی شارەزایی دەکات .

**شەشەم :** داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی .

**حەوتەم :** داکۆکی کـردن لـە مافـەکانی ئەنـدامان و بـۆ دامەزرانـدنی ناوەنـدە کۆمەلایـەتیی و رۆشنبیریەکان بۆیان .

**هەشتەم :** کار بۆ مسۆگەر کـردن و وەگەرخـستنی میکانیزمـەکانی بـەرگری (داکـۆکی) لەمافـە دەستووری و یاساییەکانی هاوولاتیەکان دەکات .

**نۆیەم :** پشتگیری و پالپشت لە پرۆسەی چاکسازی و رووبەرووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێم .

## بەشی سێ یەم

## ئەندامیەتی ( ئەندام بوون ) لە یەکێتیدا

**ماددەی ( ٤ )**

**یەکەم :** هەر پەرلەمانتارێك لەوانەی کە نوێنەر بوون یان ئێستا نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن مافی ئەوەی هەیە ببێت بە ئەندام لە یەکێتیەکە ئەوانەی .

**دووەم :** مەرجە بۆ ئەندامیەتی لە یەکێتی :

١. لە هاولاتیانی کوردستان - عێراق بێت یان ئەوانەی کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن لەو پەرلەمانانەی کە لەم یاسادا هاتووە .

٢. ئەندام یان ئەندام بوو بێت لە یەکێك لە خولەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق لـە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

٣. ئەندام یان ئەندام بوو بێت لە یەکێك لە خولەکانی پەرلەمانی عێراق لە دوای رووخانی رژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ .
٤. باوەڕی بە ئامانجەکانی یەکێتییەکە هەبێت و ئاگادار بێت لە چالاکیەکانیەوە .
٥. داوای بە ئەندام بوون پێشکەش بکات و رەسمی ئەندامێتی بدات .

**ماددەی ( ٥ )**

لە دەستدانی ئەندامی لە یەکێتی لە یەکێ لەم بارانەی خوارەوە دەبێت :

**یەکەم** : دەست لەکار کێشانەوە دوای وەرگرتنی رەزامەندی .

**دووەم** : دەرکردن بە بڕیاری دەستەی گشتی .

**سێ یەم** : مردن.

## بەشی چوارەم – پێکهاتەکان

**ماددەی ( ٦ )**

باڵاترین دەسەڵات دەستەی گشتی یە کە پێك دێت :

**یەکەم** : لە تەواوی ئەندامان ئەوانەی خۆیان جێ بە جێ کردووە .

**دووەم** : دەستەی گشتی هەر چوار ساڵ جارێك (کۆنگرە)ی گشتی دەبەستێت لە مانگی خاکە لێوە (نەورۆز) کە رێکەوتی (٢١ اذار – ٢٠ نیسان ) دەکات بۆ خولی تازەی هەڵبژاردن و بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان .

**سێ یەم** : نوێنەرایەتی دەستەی گشتی کۆبوونەوە (کۆنفراس)ی ساڵانەی خۆی مانگی خاکە لێوە (نەورۆز) سازدەدات بۆ پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە هەیەتی جگە لە هەڵبژاردنی دەستەی باڵا ئەویش بە ئامادەبوونی زۆرینەی نوێنەرانی دەستەی گشتی کە بۆ هەر پێنج ئەندام یەك نوێنەرە سەرباری ئەندامانی دەستەی باڵا .

**چوارەم** : نوێنەرانی دەستەی گشتی بۆی هەیە کۆبوونەوەی لەناکاو ئەنجام بدات لەسەر ئەو بابەتانەی کە پێشتر دیاری کراون هەر لەسەر ئەم بابەتانەش بڕیار بدات .

**پێنجەم** : کۆبوونەوەی (کۆنگرە)ی گشتی و کۆبوونەوەکانی ساڵانەو لەناکاوی دەستەی گشتی لەسەر بانگهێشتنی سەرۆك ئەویش داوای دەستەی باڵا یان سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی بۆ کۆبوونەوەی لەناکاو .

**ماددەی ( ٧ )**

**دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی**

**یەکەم :** هەڵبژاردنی دەستەی باڵا بەدەنگدانی نهێنی .

**دووەم :** گوێگرتن لەو ڕاپۆرتانەی کە دەستەی باڵا پێشکەشی دەکات و تاوتوێ کارە تەواو کراوەکان و ئەو پڕۆژانەی ئامادەن بۆ جێ بە جێ کردن و بیرورا دان لەسەریان .

**سێ یەم :** پێشکەشکردنی پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ دەستەی باڵا .

**چوارەم :** تاوتوێکردن و بڕیاردان لەسەر حیسابی کۆتایی ساڵی ڕابردوو پڕۆژەی بودجەی ساڵی ئاینده

**پێنجەم :** داڕشتنی سیاسەتی گشتی یەکێتی .

**شەشەم :** پەسندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ .

**حەوتەم :** دیاریکردنی لە بری ئەندام بوون و ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان .

## بەشی پێنجەم - هەڵبژاردنەکان

**ماددەی ( ٨ )**

**هەڵبژاردنەکان :**

**یەکەم :** پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی باڵا هەر چوار ساڵێك ئەنجام دەدرێت بە گوێرەی لیستی کراوە یان تاك .

**دووەم :** دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دوای کۆتایی بوونی جیاکردنەوە رادەگەیەنرێت ئەو پاڵێوراوە بە براوە دەژمێردرێت کە زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بە دەست دێنێ .

**سێ یەم :** ئەگەر دوو پاڵێوراو یان زیاتر وەك یەك دەنگیان هێنا لە ڕێگەی پاشەکشە یان تیروپشك یەکلایی دەکرێتەوە .

**ماددەی ( ٩ )**

**یەکەم :** دەستەی باڵا لیژنەیەکی ئامادەکاری بۆ پێداویستەیەکانی بەستنی (کۆنگرە) گشتی پێك دەهێنێت .

**دووەم :** دەستەی باڵا لە بارەگای سەرەکی و لقەکانی لیستی ناوی دەنگدەران بڵاودەکاتەوە پێش کۆنگرە بە مانگێك تاکو پێش هەفتەیەك لەکاتی هەڵبژاردنەکان تانەکان وەردەگیرێن و کۆتایی پێ بێت .

**ماددەی ( ١٠ )**

داوای خۆ پاڵاوتن پێشکەش بە دەستەی باڵا دەکرێت بۆ ئەوەی لە هەبوونی مەرجـەکانی پێویـست بکۆڵێتەوە.

ئەو ناوانەی کە مەرجیان تێدا هەیە لە بارەگای سەرەکی و لقەکان بڵاودەکرێنەوە پـێش دە رۆژ لـە ئەنجامدانی کۆنگرەی گشتی تانە لێدانیش تا هەفتەیەك پێش هەڵبژاردنەکان وەردەگیرێت .

**ماددەی ( ١١ )**

ئەگەر پۆستێك یان زیاتر لە دەستەی باڵا بەتاڵ بوو بە ئەوا گوێرەی زنجیرەی دەنگەکانی پاڵێوراون لە کۆنگرە پڕ دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو ماوەی دەستەی باڵا لە شەش مانگ زیاتری مابوو لە کاتێکـدا ئەگەر نیوەی ئەندامانی دەستەی بەتاڵ مایەوە ئەوە دەستەی باڵا دەخرێتە ژێر باری هەڵوەشاندنەوەو داوا لە دەستەی گشتی دەکرێت هەڵبژاردنی دەستەی باڵا لەیەك مانگ دا ئەنجام بدات .

## بەشی شەشەم - دەستەی باڵا

**ماددەی ( ١٢ )**

**یەکەم :** دەستەی باڵا لە (٩) ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێك دێت، کە دەستەی باڵا بە نهـێنی هەڵیان دەبژێرێت .

**دووەم :** لێپرساو و دەستەی کارگێڕی لقەکانی یەکێتیەکە لە لایەن ئەندامانی لـق هەڵدەبـژێردرێن لێپرسراوی لقەکان بەشداری کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵا دەکەن بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت .

**ماددەی ( ١٣ )**

**یەکەم :** هەر دوو هەفتە جارێك دەستەی بـاڵا کۆبوونەوەیـەکی ئاسـایی دەبەسـتێت، بـۆی هەیـە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام بدات لەسەر داوای سەرۆك بۆ باس کردنی ئـەو شـتانەی لـە داوایەکە دیاریکراون .

**دووەم :** کۆبوونەوەی دەستەی باڵا بـە ئامـادەبوونی لـە نیـوە زیـاتری ئەنـدامان ڕێـژەی یاسـایی تەواودەکات .

**سێ یەم :** کۆبوونەوە بە خوێندنەوەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو دەست پێ دەکات بۆ بەدوواداچوون

**چوارەم :** بڕیارەکانی دەستەی باڵا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەنـدامانی دەبێـت لـە بارێکدا کە دەنگەکان یەکسان دەرچوون دەنگی سەرۆك یەکلای دەکاتەوە .

**ماددەی ( ١٤ )**

دەستەی باڵا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات .

**یەکەم :** هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتیەکە و جێگرەکەی و لێپسراوی دارایی لە نێو ئەندامانیدا بەدەنگدانی نهێنی .

**دووەم :** بەپێی سیاسەتی گشتی یەکێتیەکە ناوی سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی هەمیشەیی و کاتی دیاری دەکات .

**سێ یەم :** بەڕێوەبردنی یەکێتی بەپێی پلانی کاری ساڵانەی گونجاو لەگەڵ ئەم پەیڕەوە .

**چوارەم :** پاراستنی موڵك و دارایی یەکێتیەکە و بە دەستهێنان و بەکارخستن و بەڕێوەبردنی بەجۆرێك کە بەرژەوەندی یەکێتیەکەی مسۆگەر بکات .

**پێنجەم :** دەرکردنی رێکاری پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکە.

**شەشەم :** کردنەوەی لقەکانی یەکێتی و سەرپەرشتی کاروبارەکانی .

**حەوتەم :** رەزامەندی لەسەر فۆرمی بە ئەندام بوون بە گوێرەی مەرجەکان.

**هەشتەم :** ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە لەسەر کاروچالاکیەکان.

**نۆیەم :** وەرگرتنی هەڵوێستی نیشتیمانیی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی لەسەر بارودۆخەکان بەناوی یەکێتیەکە.

**دەیەم :** دانانی میکانیزم و پلانی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی یەکێتیەکە .

**یازدە :** سەرپەرشتی کاروبارەکانی ئەندامان و لێژنەکان .

**دوازدە :** کارکردن لە پێناو دروستکردنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ لایەنی پەرلەمان و حوکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی لەسەر ئاستەکانی کوردستانی و نیشتیمانی و نێودەوڵەتی .

**سێزدە :** وەرگرتنی ئەندامی فەخری لەو پەرلەمانتارانەی هەڵوێستی شەرەفمەندانەیان دەربارەی گەلی کوردستان هەیە .

**چواردە :** دامەزراندنی کارمەند و خزمەتگوزار .

**ماددەی ( ١٥ )**

**دەسەڵاتەکانی سەرۆك بریتین لە :**

**یەکەم :** سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵا و دانیشتنەکانی دەستەی گشتی و سەرپەرشتی کاروبارەکانی جگە لە خولی هەڵبژاردنی دەستەی باڵا ئەگەر خۆی تێدا پاڵێوراو بێت .

**دووەم :** ئیمزا لەسەر کۆنووسی کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵا و هەموو نوسراو و نامە فەرمیەکانی دەرچوو لە یەکێتیەکە .

**سێ یەم :** دانانی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵا .

**چوارەم :** بۆی هەیە تا بڕی ٢٥٠,٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر حاڵەتێك خەرج بکات لە وەش زیاتر بێت بە بڕیاری دەستەی باڵا لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی خەرج دەکرێت .

**پێنجەم :** داواکاری پێشکەش کراوی ئەندامان و کارمەندان وەردەگرێ بۆ ئەوەی دەستەی باڵا بڕیاری گونجاوی لەسەر بدات .

**شەشەم :** هەماهەنگی دەکات لە نێوان دەزگا جیاجیاکانی یەکێتیەکە لە لق و لێژنەکان و ئاراستەی پێویستیان دەکات .

**حەوتەم :** نوێنەری یەکێتی یەکە دەبێت بەرامبەر بە دادگا و دام و دەزگا حکومیەکان و هی تریش.

**ماددەی ( ١٦ )**

**جێگری سەرۆك**

جێگری سەرۆك ئەم دەسەڵاتانەی هەیە :-

**یەکەم :** لەکاتی نەهاتنی سەرۆك، جێگر لە جێی ئەو دەبێت و هەموو دەسەڵاتەکانی پەیڕەو دەکات

**دووەم :** هاوکاری سەرۆك دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان و ئەو ئەرکانەش دەگرێتە ئەستۆی کە پێی ڕادەسپێردرێت .

**سێ یەم :** سەرپەرشتی کاروبارەکانی لێژنە هەمیشەیی و کاتیەکان دەکات .

**چوارەم :** سەرۆکایەتی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی لێژنە هەمیشەیەکانی دەستەی باڵا دەکات .

**ماددەی ( ١٧ )**

لێپرسراوی دارایی ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم :** سەرپەرشتی ڕاگرتنی دارایی یەکێتیەکە و بەدوواداچوونی سیاسەتی دارایی دەکات .

**دووەم :** لەگەڵ ژمێریار بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن لەسەر هەموو مومتەلەکاتی یەکێتیەکە بە گوازراو و نەگوازراو .

**سێ یەم :** سەرپەرشتی پێکهێنانی لێژنەی کڕین و کارەکانی دەکات .

**چوارەم :** لەگەڵ ژمێریار ئیمزا لەسەر هەموو پسوولە داراییەکانی یەکێتیەکە دەکات .

**پێنجەم :** سەرپەرشتی ئامادەکردنی بودجەی دارایی و حیسابی کۆتایی دەکات .

**شەشەم :** سالآنە سەرپەرشتی ئامادەکردنی راپۆرتی دارایی یەکێتی دەکات بۆ پێشکەش کردنی بە دەستەی گشتی .

**حەوتەم :** بەدواداچوونی کاروبارەکانی بانق و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی یەکێتی .

**ماددەی ( ١٨ )**

**لیژنە هەمیشەیەکان:**

**یەکەم :** یەکێتیەکە ئەم لیژنانەی خوارەوە پێك دەهێنێت :

١. لیژنەی پەیوەندیە گشتیەکان:

ئەم لیژنەیە تایبەتمەندە بە رێکخستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ لایەنی پەرلەمان و حکومەت و پارتەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم .

٢. لیژنەی یاسایی:

تایبەتمەندە بە لێکۆلینەوە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانیەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی هەرێم پێشکەش کراون رادان و دارشتنەوەو هەڵسەنگاندن و دەولەمەندکردنی یاساکان.

٣. لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن:

تایبەتمەندە بە سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤاری پەرلەمانتاران و بڵاوکراوەکان و پێگەی ئەلیکترۆنی و رێکخستنی کۆنگرەو کۆنفرانس و سیمینارەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان

٤. لیژنەی مافەکانی مرۆڤ :

تایبەتمەندە بە رەچاوکردن و چاودێری کردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێم بە گوێرەی پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان لەو بوارەدا.

٥. لیژنەی دەستپاکی و چاکسازی:

تایبەتمەندە بە پشتگیری چاکسازی و رووبەروو بوونەوەی گەندەڵی لە هەرێم.

**دووەم :** لیژنە کاتیەکان

یەکێتی بۆی هەیە هەر لیژنەیەکی کاتی پێك بهێنێ بە پێی پێویستی .

**ماددەی ( ١٩ )**

**لیژنە هەمیشەیەکان:**

**یەکەم:** هەر ئەندامێکی یەکێتییەکە مافی ئەوەی هەیە خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەندامی لیژنە هەمیشەییەکان و سەرۆك ئەم ناوانە دەخاتە بەردەم کۆبوونەوەی دەستەی باڵا بۆ دەنگدان لەسەریان.

**دووەم:** هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لەنێوان ٥-١١ ئەندام پێك دێت.

**سێیەم:** لەدوای پێکهێنانی لیژنەکان لە ماوەیەك کە لە سێ ڕۆژ تێپەڕبکات ، پێویستە سەرۆك و جێگری سەرۆك و بڕیاردەر بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنە هەڵبژێردرێن.

**چوارەم:** لیژنەکان کۆبوونەوەی دەوری ئەنجام دەدەن کە سەرۆك یان جێگرەکەی لەکاتی ئامادەنەبوونی ڕۆژەکە دیاری دەکەن بڕیاردەریش بانگێشتە دەکات .

**پێنجەم:** کۆبوونەوەی لیژنەکان بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی ئەنجام دەدرێت، بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی دەبێت بە ئیمزای سەرۆك لیژنە یان جێگر بۆ دەستەی باڵا بەرز دەکرێتەوە.

**شەشەم:** هەر لیژنەیەك بە پێی تایبەتمەندی خۆی هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی ئەو پڕۆژانەی بۆیان ڕەوانەدەکرێت و کاردەکەن لەسەر بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی دوای ڕەزامەندی دەستەی باڵا.

**حەوتەم:** سەرۆکی یەکێتیەکە یان جێگرەکەی لەکاتی پێویست بانگهێشتی سەرۆکایەتی لیژنەکان و ئەندامانیان دەکەن بۆ کۆبوونەوەی هاوبەش یان هەر لیژنەیەك بەتەنیا.

**هەشتەم:** لیژنە مافی ئەوەی هەیە کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی لیژنە یان جێگرەکەی بکات لەکاتێك کە نەیان توانی ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن.

**نۆیەم:** هەر ئەندامێك لە ئەندامانی یەکێتییەکە مافی ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەکانی هەر لیژنەیەك هەیە و بیروڕای خۆی بدات بێ ئەوەی بەشداری لە دەنگدان بکات.

## بەشی حەفتەم - ڕێکخستنی دارایی یەکێتییەکە

**ماددەی ( ٢٠ )**

دارایی یەکێتییەکە لەمانەی خوارەوە پێك دێت

**یەکەم:** ئابوونەی بوون بە ئەندام

**دووەم:** ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان

**سێیەم:** دەستکەوتی دارایی خانووبەرە و پڕۆژەکان و قازانجی چاپەمەنییەکان کە یەکێتییەکە دەری دەکات.

**چوارەم:** دیاری و یارمەتییە ڕەواکان.

**پێنجەم:** بەخشین و یارمەتی دارایی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم.

**ماددەی ( ٢١ )**

**یەکەم:** ڕێکخستنی دارایی ئەرکە دارایی و ژمێرییەکان دیاری دەکات بۆئەوەی دارایی یەکێتییەکە و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بوودجەی ساڵانە بەڕێوە ببات.

**دووەم:** ساڵی دارایی یەکێتییەکە لە یەکەم ڕۆژی کانوونی دووەمی هەرساڵێك دەست پێ دەکات.

**سێیەم:** لێپرسراوی دارایی پرۆژەی بودجەی ساڵی دارایی دادێ بەهاوپێچی حیسابی کۆتایی ساڵی رابردوو دەیخاتە بەردەم دەستەی باڵا پێش مانگی کانوونی دووەم لە هەر ساڵێکدا.

**چوارەم:** دەستەی باڵا پڕۆژەی بودجە پەسەند دەکات و پێشکەش بە دانیشتنە ئاساییەکانی ساڵانەی دەستەی گشتی دەکات بۆ پەسەندکردنی.

**ماددەی ( ٢٢ )**

**یەکەم:** دەستەی باڵا بەرپرسە لە دارایی یەکێتییەکە و پەیداکردن و پاراستنی و بڕیار لەسەر خەرجی پێویستییەکانی بۆ کاروباری یەکێتییەکە و لقەکانی لە پارێزگاکان بە پێ ی هەبوونی پاڵپشتی بودجە .

**دووەم:** پاڵپشتەکانی بودجەی ساڵانە هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر تاکو (٣٠) کانونی یەکەم لەو ساڵی داراییە بەکار نەهێندرابێت و ڕەسیدی ماوەی بۆ ساڵێکی تر دەگەڕێتەوە بەمەرجێ لە میزانییەدا بەڕوونی ڕیگای پێدرابێت و بەندەکانی دیارکرابێت.

**سێیەم:** حساباتی ساڵانەی یەکێتییەکە دەکەوێتە ژێر ووردبینی چاودێری دارایی هەرێم.

**چوارەم:** خانوبەرە و موڵکی یەکێتییەکە نافرۆشرێت تەنیا بە ڕەزامەندی نوێنەرانی دەستەی گشتی دەبێت جگە لەمانە دەستەی باڵا بۆی هەیە سامانی یەکێتیەکە بەکار بهێنێت بەپێی ڕێوشوێنە داراییەکان.

**ماددەی ( ٢٣ )**

**یەکەم:** یەکەی دارایی لە ژمێریار و وردبین و خەزنەدار و ئەمینداری کۆگا پێك دێت و لەژێر سەرپەرشتی لێپرسراوی دارایی کارەکان بەڕێوەدەبرێن.

**دووەم:** بەڵگەنامەکانی خەرجکردن بە ئیمزای سەرۆك و لێپرسراوی دارایی و ژمێریاری دەبێت.

**سێیەم:** پارەکان و پسوولەکان بەناوی یەکێتییەکە لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم دادەنرێت.

**چوارەم:** ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان ( ١٠٠٠٠٠ ) سەد هەزار دیناری عێراقی دەبێت.

**پێنجەم:** ئابوونەی بە ئەندام بوون لە یەکێتییەکە ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار دینارە.

**شەشەم:** هەرچی لەم پەیڕەوە نەهاتبێ کار لەسەر پێوانە و ڕێنماییە داراییەکانی پەیڕەوکراو لە دام و دەزگاکانی هەرێم دەکرێ

## بەشی هەشتەم - حوکمەکانی کۆتـایی

**ماددەی ( ٢٤ )**

ئەم پەیڕەوە بە بەشێکی شیکەرەوە و تەواوکەر دادەندرێت بـۆ جێبـەجێ کردنـی یاسـای بـەرکاری یەکێتییەکە.

**ماددەی ( ٢٥ )**

کارمەندان دەکەونە بەر حوکمی یاساکانی پەیڕەوکراو لە هەرێم.

**ماددەی ( ٢٦ )**

کارکردنی ئەندامان لە دەستەی باڵا و لیژنە هەمیشەییەکان و کاتییەکان یان لە لق و نووسینگەکانی یەکێتییەکە خۆبەخشانەیە و بێ بەرامبەرە.

**ماددەی ( ٢٧ )**

یەکێتییەکە بۆی هەیە گۆڤار و بلاْوکراوە و چاپەمەنی دەربکات کە پەیوەندیدارن بە کاروباری یاسایی و سیاسی و ژیانی پەرلەمانی هەبێت.

**ماددەی ( ٢٨ )**

دەستەی باڵا بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کرێکاران بکات یـان هـەرکارێك بکـات کـە بەرژەوەنـدی یەکێتییەکەی تێدابێت لە دەرەوەی میلاك ئەمەش بە بڕیارێك دەبێت کە ماوەی گرێبەست و کرێـی ماندووبوون و مەرجەکانی گرێبەست تێدا باس بکرێت.

**ماددەی ( ٢٩ )**

**یەکـەم:** کۆنفرانـسی سـالانە بـە نوێنەرایـەتی دەسـتەی گـشتی ئـەم پـەیرەوەی پەسـەند کـرد لە ٢٠١٢/٦/٩

**دووەم:** ئەم پەیڕەوە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی پەسەندکردنیەوە لە کۆنفرانسی سالانە.

**نعمت عبدالله**

**سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**